پرسیار ئەکرێت

ئەوترێ باوکم چەکدارە و پارەکەی حەرامە
ئایا بۆمن جائیزە نانی پارەکەی باوکم بخۆم ؟

نووسەر :
مامۆستا أسامة شارەزووری

الحق
AL HAQQ

بسم الله الرحمن الرحيم

پارەی حەرام چەند جۆرێکە

١- ئەگەر باوکت یان هەرکەسێکی تر کەوا بڕە پارەیەکی هەبێت بە دزی و ناهەق لە خەڵکی وەرگرتبێت (واتا پارەکە موڵکی کەسێ تر بێت) ئەم بڕە پارە حەرامە کە موڵکی کەسێکی ترە ئەوا نابێت هیچی لێ بخۆیت چونکە ماڵی داگیرکراوە لە ڕێگەی داگیرکردنەوە بەدەست ـی هێناوە.

٢- ئەگەر کەسێک پارەکەی تێکەڵ بێت لە حەڵاڵ و حەرام بەڵام پارە حەرامەکەی لە ڕێگەی کار و کەسابەتی حەرام ـەوە بەدەستیهێناوە بۆ نموونە خزمێکت هەیە کار بەڕیبا ئەکات لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی تری هەیە کە ئەوکارەی تری کارێکی حەڵاڵە واتا دووسەرچاوەی داهاتی هەیە یەکیان حەڵاڵە ویەکیان حەرامە لەم حاڵەتەشدا جائیزە نانی ماڵی ئەم کەسە بخۆیت بەڵگەش ئەوەیە پێغەمبەر ﷺ نانی جولەکەی دەخوارد لە کاتێکدا اللّه تعالی لە قورئان ـدا باسی جولەکەی کردوە کە ڕەشوە وەرئەگرن و ڕیبا ئەخۆن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بازرگانی و جوتیاربون واتە پارەکەیان تێکەڵە بوو لە حەڵاڵ و لەحەرام بۆیە خواردنی نانی ماڵیان جائیزە بەو بەڵگەیە.

الإمام المرداوي دەفەرموێت : (في جواز الأكل من مال مَن في ماله حرام أقوال... القول الرابع: عدم التحريم مطلقًا قلَّ الحرام أو كثر، لكن يكره، وتَقوَى الكراهة وتضعف بحسب كثرة الحرام وقلته، جزم به في "المغني"، والشرح، وقاله ابن عقيل في فصوله وغيره، وقدَّمه الأزجي وغيره. قلت: وهو المذهب) ["الإنصاف" (8/ 322) ط دار إحياء التراث العربي]

لەبارەی شەرع ـی بونی خواردنی ماڵی کەسێک کەداهاتەکەی حەرامی تێدایـە چەند وتەیەک هەیە .. وتەی چوارەم ئەوەیە جائیزە بەڕەهایی جا داهاتە حەرامەکەی زیاتر بێت لەحەڵاڵ یان کەمتربێت بەڵام کەڕاهەتی هەیە بەئەندازەی کەم و زۆری داهاتە حەرامەکەی ابن قودامە لە المغنی ـدا پێداگری لەسەر کردوە وە ئەمە وتەی ابن عقیل یشە وە الازج ـیش ئەم وتەیەی پێش خستوە جگە لەئەویش وە منیش ئەمە ئەڵێم.

٣- تۆ کەباوکت هەموو پارەکەی حەرامە وتاکە سەرچاوەی داهاتی باوکت چەکدارییە بـۆ کوفر تۆش لەژێر دەست باوکت ئەژیت وچارەی دیکەت لانیـە ئافرەتێکی ناتوانیت وەک پیاو کاربکەیت و بۆ ڕزق خۆت بگەڕێیت لەم حاڵەتەدا بۆ تۆ جائیزە نانی بخۆیت و جل بکڕی بەوپارە حەرامە چونکە ناچاری بەڵکو هەندێ زانا هەر بە موتڵەقی بە حەڵاڵی ئەزانن ئەفەرموون مادام ماڵە

حەرامەکەی لەڕێگەی کەسابەتەوە بەدەست ـی هێناوە ئەوا بۆ تۆ جائیزە دیاری لێ وەربگریت یان لەنانی ماڵی بخۆی وە تاوانەکەشـی لەسەر خۆیەتی بەبەڵگـەی ئەوەی عبد الرزاق ـی الصنعانی لە مصنفەکەیدا بابێکی داناوە بەناونیشانی : (طعام الأمراء وآكل الربا) بەسـەندئەیگێڕێتەوە لە ابن مسعودەوە ڕەزای اللّٰە ـی لێ بێت : (جاءه رجل فقال: إن لي جارا يأكل الربا، وإنه لا يزال يدعوني؟ فقال: مهنؤه لك وإثمه عليه.)

واتــا : پیاوێ هات بۆ لای ابن مسعود وتی دراوسێیەکم هەیە ڕیبـا دەخوات بەبەردەوام بانگم ئەکات ودەعواتم ئەکات ابن مــسعود پێی فەرموو ئەو خواردنە بۆ تۆ جائیزە وتاوانی پارە حەرامەکەش لەسەر خۆیەتی.

هاوەڵی بەڕێز سلمان الفارسي ـدەفەرمویێت : (إذا كان لك صديق عامل، أو جار عامل، أو ذو قرابة عامل، فأهدى لك هدية أو دعاك إلى طعام، فاقبله، فإن مهنأه لك وإثمه عليه)

واتــا : ئەگەر هاوەڵێکی کارکەرت هەبوو کە پارەکەی حەرام بێت یان هاوسێیەک یان کەسـێکی نزیکت دیارییەکـی پێ بەخشـی یان بانگی کردی بۆخواردنێ ئەوا بۆ تۆ جائیزە و گوناهەکەشی لەسەر خۆیەتی.

بیلال به ئیمام ـ عمری فەرموو : کارمەندەکانت ئارەق وبەرازی ئەهلی کتاب دەبەن وەک باج وەرگرتن لێیان ئیمام ـ عمر فەرمووی : (لا تأخذوها منهم، ولكن ولّوهم بيعها، وخذوا أنتم من الثمن) [ورواه عبد الرزاق في المصنف، 8/ 82 طبعة دار إحياء التراث العربي]

واتـا : خودی ئارەق وبەڕازەکە مەبەن بەڵکو با ئەهلی کتاب خۆیان بیفرۆشن ئێوە نرخەکەی بەپارە لێیان وەربگرن

ـ بەڵام واباشە گەرناچار نەبوویت لەماڵێک نان نەخۆی کەهەموو ماڵەکەیان سەرچاوەی داهاتی کاروکەسابەتی حەرام بێت تەنها بۆ کەسێ کەناچارە وەک کچێک کەلەوماڵە ئەژێت یان ئافرەت ـ ماڵەوە کەدەسەڵاتی نیە بۆیان جائیزە وهیچ ـ تێدانیە لەماڵە حەرامەکەی باوک یان مێرد یان براکەی بخوات.

ـ وەک وتمان چونکە خاوەن ماڵ وسامان ـ خۆت نیت وچارەی ترت نیە ئەوا تاوانی حەرام ـ پارەکەش لەسەر خاوەنەکەیەتی لەسەر تۆنیە تەنها بەومەرجەی ئەو پارە حەرامە پارەی دزێتی ومولکی داگیرکراوی خەڵکێکی تر نەبێت بەڵکو مولکی خۆی بێت بەڵام بەحەرام ـ بەدەستی هێنابێت.